ڕەشید داوای زیندووکردنەوەی وێنەی شارستانی بەغدا و پاراستنی بینا کۆنەپووریەکانی دەکات

سەرۆک کۆمار د. لەتیف جەمال ڕەشید سەردانی بینای ئەمینداریەتی بەغدای کرد و لەلایەن ئەندازیار عەمار موسا کازم سەرۆکی ئەمینداریەت و ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرانی کارگێڕی و جەبەجەکار پێشوازی لێکرا.

سەرۆکایەتی کۆمار لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کۆتووە بەاویکردەوە لە میانی سەردانەکەیدا سەرۆک کۆمار لەگەڵ سەرۆکی ئەمینداریەتی بەغداد و جێگرەکانی بە کاروباری کارگێڕی و تەکنیکی و شارەوانی و بەڕێوەبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی شارەوانی بەغدا کەبووەوە.

وتیشی لەو کەبونەوەیدا باس لە بابەتەکانی پەیوەست بە کارەکانی ئەمینداریەت و چۆنیەتی دەنیابوون لە تەواوکردنیان کرا بە شێوەیەک کە لەگەڵ ویستی دانیشتوانی بەغدا بگونجێت. سەرۆک کۆمار روناکی خستە سەر گرنگی بوژاندنەوەی وێنەی گەشاوە و شارستانی شارەکە بە گرنگیدان بە لایەنە جوانکارییەکانی و پەلەکردن جەبەجەکردنی پڕۆژە گرنگەکان، وەک پڕۆژەی ئاو و پاکوخاوێنی، پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری، و خزمەتگوزاریی پاکوخاوێنی، بە ئەوەی بەشدار بێت لە پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاریی بە هاووڵاتیان لە ژینگەیەکی سەلامەتدا. هاوکات جەختیکردەوە لە پابەندبوون بە خشتە کاتییە دامەزراوەکان و دوورکەوتنەوە لە هەر دواخستنێک یان دواکەوتنێک کە کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی

هاووڵاتیان هەبێت ، دوپاتیشیکردەوە کە ڕازیبوونی هاووڵاتیان لە پێشینەی کارکانە و پێوەری سەرکیە بە سەرکەوتنی پڕۆژەکە.

سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە لە گرنگیدان بە بینا کۆلەپوریەکان بە پاراستنی ناسنامەیتی شارەکە و مێژووی ڕەشنبیری گەشاوە، کە ڕەنگدانەوەی پێگەی کۆلتووری بەغدایە.

ئەمینداری شارەوانی پایتەخت و ئامادەبووان سوپاس و پێزانینی خۆیان بە سەردانەکەی سەرۆک کۆمار دەربڕی، جەختیانکردەوە لە پابەندبوون بە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان بەرامبەر بە هاووڵاتیان بە تەواوەتی و بێبە هیچ دواکەوتنێک.

ئەمینداری شارەوانی بەغدا هەروەها باسی لەو پڕۆژانە کرد کە لەلایەن شارەوانییەوە جێ بەجێکراون و هەوڵەکانی بە پەرەپێدانی ژێرخانی شارەکە، هەروەها ئەو ئاسانکارییە کارگێڕییانەی کە پشکێشی هاووڵاتیان دەکات لەکاتی سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکانیدا.